# ئەسپ خێر وبێر بە ناوچاوانیەوەیە هەتا ڕۆژی قیامەت

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەسپ خێر وبێر بە ناوچاوانیەوەیە هەتا ڕۆژی قیامەت». لە عروەی باریقیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەسپ خێر وبێر بە ناوچاوانیەوەیە هەتا ڕۆژی قیامەت: پاداشت، ودەستکەوت غەنیمە)).»

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەردوو ڕیواتەکەی]

ئەسپ هۆکار وسەرچاوەن بۆ هێنانی خێر وبێر وسوود بۆ ئیماندار هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت، وئەو پاداشتەی ئیماندار دەستی دەکەوێت بەهۆی ڕاگرتنی ئەسپ لە پێناو خوای گەورە؛ ئەمە پاداشتێکە بۆ ڕۆژی قیامەت، وئەو دەستکەوتەی موجاهید دەستی دەکەوێت لە ماڵ وسامان وشتومەکی دوژمنان؛ ئەمە خێرێکی نزیکە لە دونیادا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3583